سەید حەکیم: تێپەڕکردنی ڕکابەری ئابووری پێویستی بە ئۆقرە و خۆڕاگری و کارکردن و یەکڕیزی نیشتمانی هەیە

لەقەزای ئەلسەدیر لە پارێزگای دیوانییە، لە میوانخانەی هۆزی ئەمیال بەڕێز سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت چاوی کەوت بە کۆمەڵێك شێخ و پیاوەدیارەکانی پارێزگای دیوانییە و لەم دیدارە گوتی کە مەبەست لەو سەردانەی ئەوەیە خزمەتی شاری دیوانییە بکات و سەیری داواکارییەکانی بکات و پیرۆزبایی هاتنی رۆژیوونی پێغەمبەری ئازیزی لێکردن لەگەڵ یادی لەدایکبوونی ئیمام سادق (سڵاوی لێ بێت) و جەختی کردەوە لەسەر پەیوەندی مێژوویی کە لەگەڵ هۆزەکانی دیوانییە دەیان بەستێتەوە.

سەید حەکیم ڕوونیکردەوە کە عێراق بە چەندین قەیڕانی ئەمنی لەڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر تێپەڕیوە و قەیرانی کۆمەلایەتی و تایفی بینیوە جگە لە ململانەی سیاسی و دووپاتی کردەوە کە ئەو هەموو ڕکابەرییانە تێپەڕ بوون ئێستا تەنها رکابەری ئابووری لەبەردەم عێراق ماوە لەگەڵ گەشەپێدان.

بەڕێزیان دووپاتی کردەوە کە هەڵبژاردنی بەڕێز ئەلزەیدی لە سروشتی ڕکابەری ئابوورییەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها متمانەی خۆی دەربڕی لە تێپەڕاندنی، جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەمە پێویستی بە سەبر و کۆڵنەدان و ماندووبوون و یەکڕیزی نەتەوەیی و تێگەیشتن لە بارودۆخەکە هەیە. ڕوونیشیکردەوە، عێراق شاهیدی دابەزینی بەرچاوی بەرهەمهێنان و هەناردەی نەوتە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر بودجە و سەرچاوە داراییەکانی دروستکردووە، سەماحەتی ئاماژەی بە ئەولەویەتەکانی پێدانی مووچەی فەرمانبەران و شایستەی جووتیاران و پارەی بەڵێندەران کرد و جەختی لەوە کردەوە کە ئەمە بەشدارە لە بەردەوامبوونی جووڵەی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کار و وەرگرتنەوەی زەوی و دەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراک و پێشخستنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان، هەروەها پشتگیری خۆی بۆ بودجەیەکی بنەمادار بە بەرنامە و گرنگیدان بە کەرتە تایبەتەکان بۆ بەدەستهێنانی بازدانێکی کوالیتی دەربڕی، هەروەها دووپاتی کردەوە کە هەڵبژاردنەکە کەوتەتە سەر هەژارترین و بە پێویستیترین پارێزگارەکان، وەک دیوانیە و سەڵاحەدین و جەختی لەسەر گرنگی گرنگیدان بە کارەبا وەک کلیلی گەشەپێدان کردووەتەوە، گوتیشی ئەو قەیرانە داراییەی کە لە ئەنجامی قەیرانی ناوچەکەوە هاتەتە ئاراوە، بە هۆی فشارەکانی لەسەر ئابووری جیهانی قەیڕانێکی کورت خایەنە و تیپەڕ دەبێت.

...سەید حەکیم جەختی لەسەر گرنگی هەمەچەشنکردنی ڕێگاکانی هەناردەکردنی نەوت لە ڕێگەی تۆڕێکی بەرییەوە کردەوە، لەگەڵ هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و هاندانی کەرتە بەرهەمدارەکانی وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتیاری، وەبەرهێنان، و تەکنەلۆژیای مۆدێرن، هەروەها جەختی لە بەردەوامبوونی پڕۆژەی سنووردارکردنی چەک لە نێو دەوڵەتدا کردەوە، لەم کاتەدا بە پرسێکی زەق و هەستیاری وەسفکرد و ستایشی هەموو ئەو هەوڵانەی کرد کە بەشدار بوون لە گەڕاندنەوەی دەوڵەت و سەروەری و بەرەنگاربوونەوەی داعش، ڕوونیشی کردەوە کە چەک وەک دامەزراوەیەکی یاسایی و ئەمنی لە ژێر دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکاندا ڕادەستی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکرێت...